سەرەتای سەرما و بارانبارین مامستایانی سلەمانی بەردەوامن لە خەپشاندان و مانگگرتن دژی حکومەتی هەرەم

سەرەتای سەرما و بارانبارین، ئەمە پەنجشەممە مامستایانی سلەمانی بەردەوامن لە خەپشاندان و مانگگرتن دژی حکومەتی هەرەم.

ماوەی دە ڕۆژە مامستایانی سلەمانیان لە خواردن گرتووە و تەندروستی هەندەکیان خراپە.
ئەم خەپشاندانانە و ناڕازایەتیە کە دژی حکومەتی هەرەم بەڕووەدەچێت، بەهۆی وەرنەگرتنی شایستە داراییەکانی مامستایان و فەرمانبەرانی هەرەمە کە تا ئستا کابینەی نەیەمی حکومەتی هەرەم مووچەی مانگی دوازدەی ساڵی ڕابردوو و بەشێک لە مووچەکانی مانگی یەکی ئەمساڵ دابەش نەکردووە.
هاوکات، ماوەی 10 ڕۆژە چەندین مامستای ناڕازی لە پەنەدانی مووچەو شایستە داراییەکانیان لە سلەمانی مانیان لە خواردن گرتووە، مامستایانی ناڕازی دەڵێن، "سوورن لەسەر مانگرتن تاوەکو دەگەن بە ئامانجەکانیان".
لەلایەکی ترەوە، لە هەولێری پایتەخت، مامستا عەلی ڕئووف مستەفا، نوێنەری گشتی مامستایانی گرەبەست لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا، دوای ئەوەی داوای کردبوو خەپشاندان لە هەولێر و دهۆک دژی حکومەتی هەرەم بەڕووبچێت بەهۆی پەنەدانی شایستە داراییەکانیان.

لێکاتێکدا تا ئێمڕۆ پێنجشەممە 6ـی 2ـی 2025، حکومەتی کابینەی نۆیەمی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە دارایییەکانی مانگێکانی 12ـی 2024 و مووچەی بەشێک لە وەزارەت و فەرمانبەرانی مانگی 1ی 2025 دابەشنەکردووە، لێکاتێکدا ئێژی سەشەممەی ڕابردوو وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم و وتەبێژی حکومەت وەرگرتنی بڕی 958 ملیار دینار بە پێدانی مووچەی مووچەخۆرانی مانگی 1 لە وەزارەتی دارایی عێراق ڕاگەیاند.

هەرچەندە نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لە مامۆستایانی سلێمانی کرد کە واز لە خۆپیشاندان و مانگرتنیان بێنن و دەڵێت: "کێشەی مووچە چارەسەرکرا"، بەڵام هیچ کردارێکی جددی لێوبارییەوە بە مامۆستایانی سلێمانی و کوردستان نەکراوە و تا ئێستا مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە دارایییەکانی دوو مانگی ڕابردوویان وەرنەگرتووە.
ئێژی سەشەممەش، بافە تاڵەبانی سەرۆکی یەکێتیی چووە خەمی مامۆستایان و پشتگیری بیان دەربڕی، هەر لە سەشەممە، ئێندامانی پەرلەمانی سەر بە جوڵانەوەی نەوەی نوێ چوونەتە خەمی مامۆستایان بە دەربڕینی پاڕێپشتی، بەڵام لەلایەن مامۆستایان دوورخران، ئەمەش بەهۆی ئەوەوە پشتر سەرۆکی جوڵانەوەی نەوەی نوێ سەردانی تورکیای کرد و لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە کەبوویەوە کە مامۆستایان بە دانیشتن لەگەڵ (تورکیای داگیرکەر) ناویان برد.